ئەنجومەنی دادوەری عێراق ژمارەی حاڵەتی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە عێراق ئاشکرا دەکات



ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق، ئامارەکانی شەش مانگی رابردوودا بە لەسەر ئاستی 15 پارێزگاکەی عێراق، تایبەت بە ژمارەی (هاوسەرگیری و جیابوونەوە) باڵاوی کردووتەوە، بە گوێرەی ئامارەکان، لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2024دا ئامارەکان دەگاتە 157 هەزار و 827 حاڵەتی هاوسەرگیری تۆمارکراو، کە 140 هەزار و 109یان گرێبەستیان بە ڕێژەی 89% لە دادگاکان و 17 هەزار و 379 حاڵەتیان بە ڕێژەی 11% لە دەرەوەی دادگاکان ئەنجام دراوە و دواتر لە دادگا پەسەند کراون.

لە ئامارەکاندا هاتووە کە 36 هەزار و 981 حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراوە و 74%ی جیابوونەوەکان لە دەرەوەی دادگاکان یەکلاکراونەتەوە، کە 27 هەزار و 315 کەی حاڵەتەکان بوون، و تەنها 26%ی جیابوونەوەکان بە بڕیاری دادگا یەکلاکراونەتەوە کە ژمارەیان 9 هەزار و 666 کەیس بووە.